# کەرکوک داوای گەڕانەوەی باوەشی کوردستان دەکات

رۆژی ٣١-٧-٢٠٠٨ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک نائاسایی کۆبووەوەو داوای گەڕانەوەی پارێزگای کەرکوکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کرد.

ئەم کۆبوونەوەیەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک وەڵامی ئەو سیناریۆ فیلاویە بوو کە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق دەیویست بەسەر پارێزگای کەرکوک دا تێپەڕی بکات، هەروەها خۆی لەخۆیدا گوشارێکیشە بۆسەر ئەو هێزانەی کە دەیانەوێ رەوشی پارێزگاکە ئاڵۆزو خوێناوی بکەن، بەتایبەتیش کە بینیمان چۆن رێپێوانی رۆژی ٢٨-٧-٢٠٠٨ی کەرکوکیەکان تێکەڵاوی خوێن و فرمێسک و قوربانی کرایەوە. خوێناوی کردنی رێپێوانەکە بەرهەمی هاوکاری نێوان هێزە تیرۆریستیەکان و بەرەی تورکمانی بوو، ئامانج تەقاندنەوەی رەوشی پارێزگای کەرکوک بوو، شیمانەی ئەوەش بەهێزە کە تورکیا و حزبی ئیسلامی عێراقی کە خۆی بە نوێنەری سوننەکان دەزانێ گەڵاڵەرێژیان بۆ کردبێ.

کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک ئەگەرچی رەنگ وەختە، بەڵام دیسانیشەوە گەواهی ئەو راستیە دەدات کە کەرکوکیەکان پیلانی ناحەزان و رەگەزپەرستان پرۆتستۆ دەکەن و رەتی دەکەنەوە.

ئیمزای ٢٤ ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لەگەڵ خواستی زۆرینەی بەڕێوەبەرێتی فەرمانگەکانو دانیشتوانی شاری کەرکوک گورزکی کاریگەرەو بناگوێی رەگەزپەرستان دەتەزێنێ، بەڵام ئایا ئەمە بەتەنیا دەکارێ رێگری لە سیناریۆی وڵاتانی ناوچەکەو عەرەبە رەگەزپەرستەکان بکات و دەست لە کەرکوک هەڵبگرن؟؟

**رزگار عەلی** سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ ئاشکرای کردبوو کە کۆبوونەوەکە لەسەر داوای بیست و چوار ئەندامی ئەنجوومەنەکە پێکهاتووە، نوێنەرانی لیستەکانی تریش ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوونە.

بەشداری نەکردنی ئەندامانی لیستەکانی تورکمانی و عەرەبی بۆ تاوتوێکردنی رەوشی هەنووکەیی شاری کەرکوک خۆی لەخۆیدا ئەو راستیە سەرراست دەکاتەوە کە ئەوان بە دیترانەوە پشت ئەستوورن و نایانەوێ کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکرێن، ئەوان چاویان لە هێزەی دەرکی برێوەو ئامانجیان ئاڵۆزکردنی رەوشی شارەکەیە ، مەبەستیان راکێشانی هێزی دەرەکیە بۆ شارەکە، هەربۆیەش شێلگیرانە رێگری لە خواستی زۆرینەی دانیشتووانی شارەکە دەکەن و پەنا بۆ خوێناوی کردنی رێپێوانی هێمنانەی خەڵک دەبەن.

ئەگەرچی رەوشی ئێستای کەرکوک هەستیارو شلۆقە، بەڵام دیسانیشەوە ئومێدی گەورە بۆ رزگارکردنی شارەکە هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر کەرکوکیەکان یەکگرتووانە بێنە سەر شەقامەکان و لایەنە پەیوەندارەکانی وەکو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکیش بوێری بنوێنن و پشتیوانی لە داخوازی دانیشتووانی شارەکە بکەن، چونکە بەگوێرەی یاسا، ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەو دەستەڵاتەی هەیە کە خۆی بە هەرێمێکەوە گرێبدات. ئەمەش لەبەرژەوەندی گشتی کوردستان تەواو دەبێ، چونکە ئێستا زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوک دەیانەوێ شارەکەیان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، هەروەها ژمارەی ئەوانەی حەز بە گێڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکەن، لەنێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دا زۆرینەن، ئەمەش رێژەیی یاسایی مسۆگەر دەکات، ئەگەر بیانەوێ خواستی خۆیان سەر دەخەن و پارێزگاکەیان بۆ باوەشی کوردستانی دایک دەگێڕنەوە.

ئەگەرچی پێشتر دەیان لایەنی سیاسی و سیاسەتمەداری کوردستان رامانی خۆیان دیاریکردبوو، رایانگەیاندبوو کە عەرەب داوی بۆ کەرکوک داناوەتەوەو مەبەستی دێژکردنەوەی یاری خاپاندنە، بەڵام ئەو سیناریۆیەی کە رۆژی ٢٢-٧-٢٠٠٨ لەنێو ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق بەڕێوەچوو سەرکردەکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی هۆشیارکردەوە، ئەو زەنگە هەموویانی لە خەوی قورس وەئاگا هێناو تێیگەیاندن کە رەگەزپەرستی و دەمارگیری و بەرژەوەندخوازی نەتەوەی سەردەست لە عێراقدا کۆتا نەبووەو گەورەتر بۆتەوە. هەربۆیەش دوای زرنگانەوەی زەنگەکە، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە دانیشتنێکی نائاسایی خۆیدا ئەو کێشەیەی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە، راشکاوانە قامکی لەسەر راستیەکان داناو داوای رەتکردنەوەی ئەو سیناریۆیەی کرد کە رۆژی ٢٢ی تەمموز لە بەغداد بەڕێوەچووبوو.

دوای ئەوەی بیست و چوار ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک داوای گەڕانەوەی شارەکەیان بۆ باوەشی کوردستان دەکەن، دەکرێ بپرسین: کێ لەرەوشی ئێستای کەرکوک و داهاتووی دا بەرپرسیارە؟! ئایا لەمەوبەدوا سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان و هێزە باڵادەستەکان لەبەرانبەر سیناریۆو پیلانی ناحەزاندا نەرمی دەنوێنن؟! ئایا ئەو سیاسەتەی کە بەدرێژایی ٥ ساڵی رابردوودا پیڕۆکراوە، بەرهەمدار یان زیانبەخش بووە؟! ئایا کام رێگە دەکارێ پارێزگای کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە؟!

**ئاکۆ مەجید**



# هاوپەیمانی کوردستان بەدوای هاوپەیمانی نوێ دەگەڕێ!

دوای سەردانەکەکەی سەرۆکی کوردستان بۆ بەغدادو کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی عێراق، هەواڵەکان باسیان لەوە کرد کە سەرکردایەتی کوردستان لەمەوبەدوا هێزو لایەنە عێراقیەکان بەسەر هاوپەیمان و دۆست و ناحەز دابەش دەکات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی لەو هێزانە بێهیوا بووەو لەبەردەم دووڕیانێک دایە، یان ئەوەتا بەخۆی دابچێتەوەو پێوانەیەکی دیکە بۆ هێزەکان بکات، یان خۆی بۆ دۆڕانێکی گورجکبڕ ئامادە بکات.

لەماوەی رابردوودا هاوپەیمانی کوردستان باوەڕو متمانەی خۆی بە شیعەکان دابوو، هەروەها باسی لەهاوپەیمانی لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیەو حزبی ئیسلامی و سوننەکانی دیکەش دەکرد، تەنانەت لەهەموو خۆشی و ناخۆشیەکاندا لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق بە شیعەو سوننەوە بووە، بەڵام ئێستا خوێندنەوەیەکی دیکە هاتۆتە دەست و نابێ خۆمان لێ نەبان بکەین، ئەویش پێداگری عەرەبەکانە لەسەر بەعەرەبکردنی کەرکوک و نەگێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان.

هاوپەیمانی کوردستان و لیستی یەکگرتووی کوردستان لە دانیشتنی رۆژی ٢٢ی تەمموزی پەرلەمانی عێراق تاک و تەنیا بوون، هەموو عەرەبەکان بە خشکەیی لە دژیاندا دەنگیان داو گۆلی خۆیان کرد، بەڵام هاوپەیمانی کوردستان کە پێشنیارێکی جێگرەوەی لەبەرانبەر پێشنیاری سوننەکان دانابوو، پێیوابوو کە عەرەبەکانی لیستی ئیئتلاف دەنگ بۆ پێشنیارەکەی ئەوان دەدەن، هەر ئەو خەیاڵ خۆشیەش بوو کە وای لێکردبوون ناوەڕۆکی پێشنیاری سوننەکان ئاشکرانەکات، ئەگینا هاوپەیمانی کوردستان دەیزانی کە پێشنیارێکی ترسناک هاوڕکی لەگەڵ پێشنیارەکەی ئەواندا دەکات، سەرەنجام ئەو گۆبەندە بەسەر مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دا شکایەوە، کە راستیەکەی وانەبووە، بەڵکو هاوپەیمانی کوردستان باوەڕو متمانەی بە شیعەکان و هەندێک لە سوننەکان هەبوو، ئیدی پاڵی لێدابۆوەو پێیوابوو سەردەکەوێ و دەنگی بۆ دەدرێ.

ئێستا ئەگەر هاوپەیمانی کوردستان بە دوای هاوپەیمانێکی نوێ دا دەگەڕێ، دەبێ ئەو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ بگرێ کە خۆشباوەڕی دووچاری ئەو بنبەستەی کردووە، خۆی لێی بەپرسیاربووە، چونکە پێیوانەبووە کە عەرەب فێڵی لێناکات و بۆ مەلەکردن بۆ کەناری رووبارەکەی دەبات، بەڵام کە لەکەناری رووبارەکەوە هەڵیدایە خوارەوەو قاقا پێی پێکەنی، ئەوسا سام گرتوو بووەو بیر لە هاوپەیمانی دیکە دەکاتەوە. دەکرێ بڵێین زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە بەقازانج دادەنرێ، با ئەو نیوەیەی کە ماوەتەوە دابینی بکەین.

**سامان شەقڵاوەیی**

# سەربەرزی بۆ کەرکوک دەمێنێتەوە

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**
**ستەمدیدە و ئازادیخوازان!**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، رێکەوتی ٢٨-٧-٢٠٠٨ ئاپۆرای خۆپێشاندەرانی شاری کەرکوک کە بۆ پرۆتستۆکردنی پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان دژ بە پەرلەمانی عێراق بەڕێوەدەچوو، لەلایەن تیرۆریستانەوە کرا بە ئامانج، دوایی لە نێو بارەگاکانی بەرەی تورکمانیشەوە دەستڕێژ لە خۆپێشاندەران کرا، بەوهۆیەوە بیست و پێنج وڵاتی سڤیل شەهیدو و سەدو نەوەدی دیکەش بریندابوون، لەم پێوەندەدا ئێمە وەک حزبی رزگاریی کوردستان زۆر بە توندی ئەم کردە تیرۆریستیە ریسواو مەحکوم دەکەین، پرسەو هاوخەمی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین. هەروەها داوای لەلایەنی پەیوەندیدار دەکەین کە هەرچی زووترە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی نێو خۆپێشاندەران بناسێنێ و رادەستی دادگەیان بکات، هەروەها ئەوانەی لە نێو بارەگای بەرەی تورکمانیشەوە تەقەیان لە خەڵک کردووە و شەهیدیان کردوون بۆ بەردەم دادگە پەلکێش بکات و رێگە نەدات کە شەڕی رەگەزی لەنێو شاری کەرکوکدا پەرەبسێنێ و رەوشی شارەکە ئاڵۆزتر بکات.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێپێوانەکەی کەرکوک.
مردن و نەفرەت بۆ تیرۆریستان و مرۆڤکوژان.
کەرکوک سەربەرزو خۆڕاگر دەمێنێتەوە.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
**٢٨-٧-٢٠٠٨**

# پەرلەمانی عێراق پشتیوانی لە رەگەزپەرستی دەکات

ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا دەیان جار بە نووسین رامانی خۆمان دیار کردووەو رامانگەیاندووە کە دیموکراسی لەنێو وڵاتە داگیرکراوەکاندا کێشەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکات، گوتومانە مادام کورد لەنێو پەرلەمانی عێراقدا کەمینە، مافەکانی پێشێل دەکرێ و توانای وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی نابێ، چونکە لە پڕۆسەی دەنگداندا عەرەب زۆرینەن و خواستەکانی خۆیان تێپەڕ دەکەن و کوردیش هەناسە سارد دەهێڵنەوە، لەسەر ئەم بۆچوونەشمان دوچاری گوشار بووینەتەوە، ئێستا دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق لە ٢٢ی تەمموز پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی پەسند کرد و خاپاندنێکی ئاشکرای لەبەرانبەر پارێزگای کەرکوک دا کرد، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە بزاقی کوردایەتی لە باشووری کوردستاندا چاو بەخۆی دابخشێنێتەوە، لیستی هاوپەیمانی لەسەر هەڵوێستی رەتکردنەوەی پڕۆژە یاساکە بەردەوام بێ، چونکە لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە بۆ پەرلەمان گێڕدراوەتەوە، هەروەها نیازو مەبەستی هێزە عەرەبیەکانیش راشکاوانە دەرکەوتووە کە پارێزگاری لە رەگەزپەرستی دەکەن، کەواتە تەنیا یەک رێگە لەبەردەم کوردستانیان بە خەڵک و هێزە سیاسیەکانەوە ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە چیتر فریوی سۆزو بەڵێنەکانی سەرکردە عەرەبەکان نەخۆن و لێبڕاوانە بیر لە جیابوونەوە بکەنەوەو کار بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بکەن.

پەرلەمانی عێراق بە پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان رەگەزپەرستێتی خۆی سەر راست کردەوەو ئاشکرای کرد کە ئەوان دەست لە بەعەرەبکردنی کوردستان هەڵناگرن و پێداگری لەسەر عەرەب بوونی عێراق بە مرۆڤ و خاک دەکەنەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو سۆزو بەڵێنانەیە کە سەرکردەکانی عێراق بە سەرکردەکانی کوردستانیان دابوو.

ئێمە لەکاتێکدا دژی بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق رادەوەستین، پشتیوانی لە خواستەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، لەهەمان کاتدا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین کە بە رێپیوان و خۆپیشاندان پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەقاو بدەن و رەتی بکەنەوە، یەکگرتووانە داوای جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق بکەن.

**ماڵپەڕی رزگاری**

# بەیاننامەی پارتی سەربەخۆیی کوردستان سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستیەکەی ناو ئاپۆرای جەماوەری شاری کەرکوک

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

دەرسەکانی گۆڕەپانی سیاسی کەرکوک لەلایەکەوە پێمان دەڵێن کە دوژمنانی شۆفێنیستی دژە کورد لە ناو دەسەڵاتی ئێراقدا سەرەرای هەموو پۆزێکی پارلمانی و جیاوازی و ناکۆکی مەزهەبی و نەتەوەیی، ساخن لە سەر دژایەتی کردن دەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەکەمان، لەلایەکی تریشەوە بۆماندەرئەخات کە سیاسەتی چەوتی ریبەرانی کورد لەمەر مەسەلەی کەرکوک و باقی ناوچەدابڕاوەکان لە ئاستی جولانەوەی گەلەکەماندا نییە. سەرکردایەتی سیاسی کورد لە دوای چەسپاندنی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە خاوەنی سەنگ و دەسەڵاتێکی بەرچاو بوو ، هەموو ئەو دەسەڵاتی لە پێناو مەسئەلە لاوەکیەکان وەک یەکخستنەوەی شێعە و سونە وبەشداری کردنی سونە لە حکومەت ، ناوبژیوانی ئێران ، ئەمریکا، گەڕانەوی بەرەی تەوافق بۆ ناو دەسەڵات و پشتگیری کردنی پیلانی تورکیا و حکومەتی عێراق دژ نە کوردی باکوور خستە گەڕ کە هیچ دەسکەوتێکی نەتەوەیی لێ نەکەوتەوە بگرە لە زۆر کاتیشدا زەرەرمەند بووین . پرسە گرینگ و حەیاتیەکانیشمان پشت گوێ خرابوون خاکی وڵاتەکەی خۆیان دایە دەست رفراندوم و توشی مادەی ٥٨ و ١٤٠ یان کرد ،بە هەوڵی بێوچانی نەیارانی نەتەوەکەمان ئەم مادە دەستوریانەش رۆژ بە رۆژ دوا دەخرا و خوشیان خەمسارد دابویانە دەست قەدەر، کە ئاکامەکەی بوو بە پەسند کردنی مادەی٢٤ وئەو کارەساتەی لێ کەوتەوە

پاڵەوانانی دوینێی شەری دەسەڵاتی و بەرژەوەندی حیزبایەتی ئەگەر لە کاتی گرتنەوەی کەرکوک دا، لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان لێمان نەدەبوونە نیلسۆن ماندێلاو پەیتا پەیتا پەیامی مانەوەیان بۆ عەرەبە هاوردەکان نەئەناردوو دڵداریان نەئەدانەوە، ئەگەر لە جیاتی کورسی و مقام و بەرژەوەندی حیزبایەتی نەتەوەکەیان لەبیر نەدەچوو، گەلەکەمان ئەمرۆ توشی بە توش مادەکان ٥٨،١٤٠ ، ٢٤ وە نەدەهات و خەڵکی خۆڕاگری کەرکوکیش شەڵاڵی خوێن نە دەکرا.

کۆمەڵانی شۆرشگێری کوردستان! هاتنە مەیدانتان بۆ ناو شەقامەکانی شارەکان بە شێوەیەکی سیاسی و سەردەمیانە و بە دوور لە توندووتیژی نەک هەر گورچکبڕە بۆ شۆفێنیستان، نەک هەر دۆزی رەوای کورد ئەخاتە بەردەم رای جیهانی بەڵکو ڕاچڵەکێنەریشە بۆ رێبەرانی کورد. دەسەڵاتدارانی سیاسی کورد ئەرکی سەر شانیانە کە لە جیاتی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ باشووری ئێراق ریزی خۆپیشاندانی ئێوە بپارێزێت. رێبەرانی کورد ئەگەر ئەیانهەوێت ریگەیان لە مەزیادتر لە ئێوە جیا نەبێتەوە، دەبێت بۆ مانەوەو هاوکاریان لە ناو دەوڵەتی فیدراڵی ئێراقدا شەرت و شرووتێک قایل بن.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆی پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدانی ئەو کردەوە تروریستیە دەکات و ئارەزوی چاک بوونەوەی هەرچی زووتری بۆ بریندارەکان دەکات و ئەم هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان بەرز دەنرخێنێت.

**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
**٢٠٠٨/٠٧/٢٩**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com